الاتحاد العام اللاجئين العراقيين

**فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی**

**INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQI REFUGEES**

---

# راپۆرتی رێكخراوی (UNHCR) دەربارەی پاراستنی نیو دەوڵەتی بۆ ئەو عیراقیانەی لەدەرەوەن:

ئەم راپۆرتەی لەبەر دەستایە لەلایەن كۆمسیونی بالآی نەتەوە یەكگرتووەكان (UNHCR) لە بەرواری 18-12-2006 راگەیەنراوە ،ئەم بەشەی لێرەدا هاتووە تەنها ئەو بەشەیە كە تایبەتە بە بارودۆخی كوردستانی عێراق لە بەر گرنگی راپۆرتەكە، فیدراسیۆن بە پێویستی زانی تەرجەمە بكرێت بخرێتە بەردەست هەموو لایەك.

دەشتی جەمال

2007-1-10

## <u>ئەم بەشەی خوارەوە تایبەتە بە بارودۆخی ناوخۆی كوردستان و هەرسێ پاریزگای ( سلیمانی و هەولیێر و دهۆك)</u>

لەسەر بناغەی ئەو زانیاریانەی لەلایەن (UNHCR) و رێكخراوەكانی ترەوە كۆكراوەتەوە،UNHCR مامەڵەیەكی جیاواز ناكات لەگەڵ ئەو سێ پارێزگایەی سەرەوەدا.

بارودۆخی ئاسایشی كوردستان ئارامترە لەچاو پەشەكانی تری عیراقدا بەتایبەتی دوای وەستانی شەری نیوان پارتی و یەكیتی لەساڵی 1997 سەرەرای ئەم ئارامیە رێژەیی یە ،بەلام بارودۆخەكە ناجیگیرە و داهاتوو ناتوانرێت پێشبینی بكرێت لە بەرە ئەم هۆكارانەی خوارەوە :

1. پێشبینی دەكرێت ئەو بارودۆخە نا ئارامی یە هەردوو پارێزگای موسڵ و كەركوك ،ئەو سێ پارێزگایەی تریش بگرێتەوە.
2. سەرەرای یەكگرتنەوەی هەردوو ئیدارە،بەلام هەرچوار وەزارەتی( دادو، پێش مەرگەو، ناخۆ ،ئابووری) یەكیان نەگرتۆتەوە وە هەروەها هێشتا دیار نی یە چ وەزارەتێك بەرپرسیارە لەكیشەی ئاوارەكان و كێشەكانیان.
3. هەوڵی فراوانكردنی دەسەلاتی حكومەتی هەرێم لەئارادایە لەلایەن كوردەكانەوە بۆ هەردوو پارێزگای موسڵ و كەركوك ،بەلام ئەم هەوڵە بووتە مایەی نیگەرانی بۆ عەرەبەكان و توركمانەكان و هەروەها هەردوو وولاتی ئیران و توركیا.
4. پێش بینی دەكرێ ناكۆكی و ئالۆزیەكان تەشەنەبكەن دوای ئەو ریفراندۆمە ی كە دیاری كراوە بۆ كەركووك و ناوچەكانی تر لەكۆتای ساڵی 2007 دا.
5. بوونی 5000 هەزار چەكداری (PKK) و 1000 چەكداری (PJAK) لەسەر سنورەكان بووەتە مایەی دڵەراوكێ و نائارامی .

توركیا بەردەوام هەرەشەی هێرشی سەربازی بۆ ناو خاكی عێراق دەكات بۆ لەناوبردنی ئەو چەكدارانە و هەروەها ئیران و توركیا چەندین جار هێرشیان كردۆتە سەریان لەسەر سنوور.حكومەتی عیراقیش پەیمانی داخستنی تەواوی ئۆفیسەكانی (PKK) ی چەند جار دوو بارە كردۆتەوە.

6-گرۆپی ئەنسار وئیسلام پاش تێكشكاندنیان لەساڵی 2003 دا ، ئیستا خەریكی خۆرێكخستنەوەن و هێرشی خۆكوژی ئەنجام دەدەن بەتایبەتی دژی لێپسراوانی بالآی یەكیتی و پارتی.

7-نارەزایەتی دژی گەندەڵی وكەمی خزمەتگوزاریەكان و سنورداركردنی ئازادیەكان لەهەڵكشاندایە لە ناوچەی حكومەتی هەرێمی كوردستان دا و ئەمەش بووتە هۆی نائارامی لەناوچەكەدا.

8-سەرەرای ئەوەی كە حكومەتی هەرێم پابەندبوونی خۆی بە رێزگرتنی ئازادی یەكانەوە راگەیاندوە،بەلام ئەم ئازادیە سنوردارەو زۆرێك لەو خەڵكانەی كە نارازین بەو دەسەلآتە وەكو رۆژنامە نووسان توشی گرتن وئازاردان و غەرامە ی ماددی بونەتەوە،بەهۆی نارەزایەتی یەكانی ساڵی 2005-2006 خەڵكێكی زۆر توشی چەوساندنەوەی ئەو دوو حزبە بوون وە زۆرێك لەوانە بەبێ دادگا زیندانی كراون وئەندامانی حیزبەكانی تریش وەك ئیسلامی یەكان عەشوائی دەگیرین و ئەشكەنجە دەدرێن.

هەڵسەنگاندنی پاراستنی نیو دەولەتی كەپێویستە بۆ ئەو عیراقیانەی هەرسێ پاریزگاكانی (سلیمانی ،هەولێر،دهۆك):

بۆ پاراستنی نیو دەولەتی ئەم سێ پاریزگایە ، UNHCR پشتگیری لەم راسپاردانەی خوارەوە دەكات:

1. داواكاری پەنابەری ئەو سێ پارێزگایە پێویستە بەشێوازێكی عادیلانە و یاسایانە مامەڵەی لەگەڵ بكرێت لەسەر بنەماكانی مافی پەنابەری (رێكەوتن نامەی جنیفی 1951) وەهەر كەیسێك بەجیا مامەڵەی لەگەڵدا بكرێت.

جیگۆركێ ناوخۆیی دانیشتوانی ئەوسێ پارێزگایە بۆ ناوەراست و بەشەكانی تری عیراق بەهیچ شێوەیەك گونجاو نی یە بەهۆی ئەو هەموو توندو تیژی و نائارامییەی لەبەشەكانی تر هەیە .وە جیگۆركی ناوخۆی لەنیوان ئەو سێ پارێزگایەدا پێویستە كەیس بەكەیس مامەڵەی لەگەڵدا بكرێت رەجاوی رینۆینێكانی UNHCR بكرێت.

وەك لەسەرەوە باسكرا ،بارودوخەكە ئالۆزە پێش بینی كردن زۆر قورسە بەلام UNHCR بەوردی چاودیری بارودۆخەكە دەكات وە بەتایبەتی دەربارەی پێش كەوتنەكانی رووداوەكان ،لەبەر ئەوە هەڵسەنگاندنی بارودۆخەكە بەردەوام دەبێت كە لەوە دەچێت بارودۆخەكە بەشێوەیەكی كتوپرۆ دراماتیكی بگۆرێت.

2. ئەو وولآتانەی دراوسێ ی عێراق كەخەڵكی ئاوارەی ئەو سێ پارێزگایەیی لێ یە ،نابێت زۆر بكەن لە ناردنەوەی خەڵكی كوردستان ،پێویستە پارێزگاری نیو دەولەتی بۆ ئەو هاولاتیانەی كوردستان لەو وولاتانەی دراوسێ رەچاوبكرێت وە هەروەها هەولبدرێت كە UNHCR كیشەكانی پەروەردەو تەندروستی و كاریان بۆ چارەسەر بكەن وە گرنگی بدەن بەوانەی كەزۆر پێویستیان پێ یەتی وەكو بەتەمەنەكان .

3. كاتێك باس لەگەرانەوەی عیراقیەكانی ئەوسێ پاریزگایە دەكرێت (ئەوانەی كە پارێزگاری نیو دەولەتی نایانگرێتەوە )پێویستە ئەم خالآنەی خوارەوە رەچاوبكرێن:

- ئەو بارودۆخە نا ئارامە رەچاوبكرێت كە لە ئەنجامی ناردنەوەی ئەو عیراقیانە دروست دەبێت بە تایبەتی بارودۆخەكە خۆی ناجیگیرە ،هەروەها رەچاو كیشەكانی بێ توانایی ئەو ئیدارەیەی ئەوێ بكرێت بەتایبەتی كیشەكانی كەمی خانووبەرە ،یارمەتی دانی مەعنەوی و ماددی یارمەتی یان دەدا لە ئاسانكردنی كیشەكانیان.
- گەرانەوەكە پێویستە بۆ شوێنی خۆیان و بۆ لای ناوچەی خیزانی خۆیان بێت وە یارمەتیان بدرێت بۆ ئەوەی بتوانن جاریكی تر ئاوێزان ببنەوە ،نابێت گەرانەوە بۆ شۆێنێكی جیاواز لەشۆینە ئەسلیەكەی خۆیان بێت.
- گەرانەوەكە دەبێت بەشێوەیەكی ئاسایی بێت و بەهاوكاری و هاو ئاهەنگی بێت لەگەل حكومەتی هەرێم دا وە دیسانەوە توانای سنورداری حكومەتی هەرێم رەچاو بكرێت.

4– لەسەر ئەو بەلگانەی سەرەوە ،ئەو عیراقیانەی كە پارێزگاری نیو دەولەتی نایانگرێتەوە ،پێویستە رێگەیان پێبدرێت لەسەر بنەمای ئینسانی بمیننەوە.

تەرجەمەی لە ئینگلیزیەوە :

**محمد عەلی ئەحمەد ئەندامی فیدراسیۆن**

---


**بۆ پەیوەندیكردن بە فیدراسیۆن :**

**دەشتی جەمال ژمارەی موبال**: 07856032991 **ئیمیلی** d.jamal@ntlworld.com

**بورهان فەتاح** (07929010256)، **جاسم غفور** (07877489626)،**ئارم حمەسەعید**(07729182083)

**Burhan Fatah**burhanfatah@aol.com **Jasim Ghafur**jasm_rg@yahoo.co.uk

www.csdiraq.com